# چۆن کتێب بخوێنینەوە؟

**ئاسۆی کتێبخانە**



**١-خۆئامادەکردن بۆ خوێندنەوە**

لەکاتی خۆێندنەوەدا چاوو مێشکی ئێمە گیرۆدەی خوێندنەوە دەبن، رەنگە هەندێ شتی لاوەکی وەکو دەنگو وێنەو ئەو خەیاڵ رۆیشتنانەی لەشتەکانی دەوروبەرمانەوە سەرچاوە دەگرن بنەهۆی ناڕەحەتی بۆمان. باشترین جێگا بۆ خوێندنەوە ئەم خاسیەتانەی تێدایە:

*جێگایەکی بێدەنگ و چۆڵ کەدوور بێت لەو شتانەی تەرکیزمان ناهێڵن.

*جێگایەکی گونجاو کەبتوانین لەکاتی دانیشتندا کتێبەکە بەئاسانی بگرین بەدەستمانەوە، یان بەئاسانی پاڵ بدەینەوە، یان راکشێین.

*جێگایەکی ئاسایی، واتە نەگەرم بێت نەسارد.

**٢-نابێ لەبەدەنی خۆمان خافڵ بین**

*دوای هەر یەك سەعات خوێندنەوە دەبێ لەجێگای خۆمان هەڵسین و بەبیانووی خواردن و خواردنەوەوە چەند هەنگاوێك برۆین.

*دەبێ ناوە ناوە جووڵە بکەین، بۆ نموونە جوڵاندنی ماسولکەی ملو شانو قاچ.

*هەر چارەکە سەعاتێ چاو لەکتێبەکە هەڵبڕین و ئیسراحەت بەچاومان بدەین، ئەگەر بکرێ تەماشای جێگایەکی دوور بکەین.

**٣-چاوپیاخشاندن بەشێوەیەکی گشتی**

بۆ نموونە پێش خوێندنەوەی بەشێك پێویستە چاوێکی خێرا بەو بەشەدا بخشێنین، بۆئەوەی بزانین مەبەستمان لەخوێندنەوەی ئەو بەشە چییە. لەکاتی چاوپیاخشانەکەدا سەرنجی ئەمانە بدەین: ناونیشانی بەشەکە، ئەو بابەتانەی لێیان دەدوێ، کورتەو کلیلی زاراوەکان.

**٤-بەوردی سەرنجدانی بەشە بەسوودەکانی کتێبەکە**

*بەسەرنجێکی خێرا پێویستە بزانین شتە زیادەکانی کتێبەکە چین.

*تەماشای پاشکۆو شیکردنەوەی زاراوەکانی کتێبەکە بکەین.

*بۆ زیادبوونی زانیاریمان پێویستە تەماشای سەرچاوەکانی کتێبەکەش بکەین.

* پێویستە سەرنجێکی خێرای بەشی یەکەمو کۆتایی بدەین.

* پێویستە پێشەکی کتێبەکە بخوێنینەوە وێرای مەبەستی نووسەرو ئەوەی پێناسەی نووسەر دەکات.

**٥-پێویستە فەرهەنگۆکی کتێبەکە بخوێنینەوە**

*دەبێ فێری رەگو ریشەی زانستیی وشەکان بینو پێشگرو پاشگرەکان بناسین.

*پێویستە بۆ ناسینی زاراوەکانو ناوەکان فەرهەنگ یان ئەنسکلۆپیدیا بەکاربێنین.

**٦-پێویستە ئاماژە لەسەر کتێبەکە بنووسین**

*نابێ لەنووسینو ئاماژەدانان لەسەر کتێبەکە بترسین.

*دەبێ بەماجیکی فسفۆڕی دێڕە گرنگەکان دەستنیشان بکەین.

*دەتوانین هەر رەنگێ بۆ بابەتێکی تایبەتی بەکار بێنین.

*دەکرێ خەت بەژێر پەرەگرافێکدا بێنین یان بازنەیەك لەدەوری وشەیەك بکەین بۆ جیاکردنەوە.

* بۆ نیشانەدانان دەکرێ قەڵەمی رەساس بەکاربێنین چونکە قابیلی سڕینەوەیە.

*نابێ ئاماژە نووسین لەسەر پەراوێزەکانیش فەرامۆش بکەین.

**سەرچاوە: پایگا آفتاب**

# بەنمایشی کتێب تایبەتمەندی بە(ووڵ ستریت ژۆرناڵ) بەخشرا

**و. دلێر میرزا**



کاتێ نووسەری بەناوبانگی ژاپۆنی رایۆ مۆراکامی کتێبە نوێکەی خۆی بە ناوی "نەهەنگە گۆرانیبێژەکە" بڵاوکردەوە، پەخشکارە کۆنباوەکانی پشتگوێ خست، ئەوەبو بازی دا بە سەریاندا وای بە باش زانی کتێبەکەی خۆی لە رێگەی ئامرازە ئەلکترۆنییە نوێکانو لە رێگەی دەزگای "ئای پاد"ەوە بڵاوبکاتەوە، ئەویش بە هەماهەنگیو رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیای ئابڵ، بەمەیش کتێبەکەی مۆراکامی دەبێتە یەکێك لەو کتێبانەی بۆ یەکەمجار لە سەر "ئای پاد" بڵاودەکرێنەوە، بێ ئەوەی بە قۆناغی پەخشی سەر کاغەزدا رەتببێت.

بەپێی لێدوانی یوسف جباعتە بۆ رۆژنامەی "البيان"، ئەگەر نووسەرانی دیکە هەوڵ بدەن هەمان ئەو هەنگاوەی مۆراکامی بنێن، ئەوا بۆ پەخشکارە کۆنباوەکان لە سەرانسەری جیهاندا کارەساتبار دەبێت، بەتایبەتی لەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی، کتێبی ئەلکترۆنی کەمتری تێدەچێت وەك لە کتێبی کاغەزو هەردوو کۆمپانیای زەبەلاحی گوگڵو ئابڵ لەم بوارە نوێیەدا کێبڕکێیانە.

پێدەچێت نرخی کتێبە نوێکەی مۆراکامی کە چەندین بڕگەی مۆزیکیش لەخۆ دەگرێت، بگاتە ١٧ دۆلاری ئەمەریکی کە رێژەی ٣٠٪ی بۆ کۆمپانیای ئابڵو ئەوی دی بۆ نووسەرو دانەری ئاوازی بڕگە مۆزیکییەکان ریۆچۆ ساکامۆتۆو ئەو کۆمپانیایە دەڕوات کە ئەرکی دەرکردنی کتێبەکەی لە ئەستۆ گرتووە.

بەپێی رۆژنامەی "البيان"، کتێبەکەی مۆراکامی تەنێ رەنگدانەوەی سەرەتای حاڵەتێکی گواستنەوەی مێژوویی سەبارەت بە کتێبی کاغەز نییە، بەڵکە چەندین بڕگەی ڤیدیۆو بڕگەی مۆزیك لەخۆ دەگرێت، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەو شێوازەی دەگیرایەبەر بۆ کتێبو بۆ خوێندنەوەی، تا رادەیەکی زۆر گۆڕانی بەخۆوە بینیوە، هەروەها گەمەی مافی خاوەندارێتیش گۆڕانی گەورە بەخۆوە دەبینێت. ئەوەتا ئەم جارەیان مۆراکامی رێژەیەك لە قازانجی بۆ دانەری مۆزیکی بڕگەکان، ریۆچی ساکامۆتۆ دیاری کردووە کە یاوەری کتێبەکەیە، ئەمەیش پرسێکە پێشتر بازاڕی کتێب بەخۆوەی نەبینیوە.

دیارە رۆماننووسی ژاپۆنی گەلێ رۆمانی پێشکەش کردووە کە رەخنەگرانو نووسەران هەڵوەستەیان لە سەریان کردووە، لەوانە "منداڵانی گەنجینەکان" کە لە رێگەیەوە خەڵاتی ئەدەبیی ژاپۆنی "نۆما"ی وەرگرتووەو رۆمانی "توباز" و "جیهان لە پێنج خولەکدا لە ئێستەوە" کە کاندیدی کرد بۆ وەرگرتنی خەڵاتی "جۆنیچیرۆ تانیزاکی" و رۆمانەکەی "لە شلەی باینجاندا" کە لە رێگەیەوە خەڵاتی ئەدەبیی "یۆمیوری" وەرگرتو رۆمانی "مشەخۆرەکان" کە لە رێگەیەوە سیو شەشەمین خەڵاتی "جۆنیچیرۆ تانیزاکی"ی وەرگرت، جگە لە چەندین رۆمانی گرنگی دیکە.

**سەرچاوە: "الراية"ی قەتەری**

# کتێبخانەی سلێمانی لە ئەستەنبووڵ جێگایەك بۆ پاراستنی دەستنووسە دەگمەنەکان

**ئا. تابان حەسەن**

کتێبخانەی سلێمانی لە ئەستەنبووڵ خاوەنی ٦٧٣٥٩ دەستنووسو ٤٩٦٦٣ کتێبی چاپکراوە، کە چاپی کۆنو دەگمەنن، ئەم کتێبخانەیە بەشێکە لە کۆمەڵگای سلێمانیو خەلیفەی عوسمانلی(سلێمانی قاندونی) دایمەزراندوە.

کۆمەڵگای سلێمانی کە لەسەر رووبەری ٣٠ هەزار مەتر دووجا بنیاتراوە" بریتییە لە مزگەوتی سلێمانیو پاشکۆکانی، قوتابخانەو کۆلیژ، نەخۆشخانەی منداڵبوون، بەشی ناوخۆیی خوێندکارانو بازاڕو گەرماوی کتێبخانەکە.

کتێبخانەی ناوبراو لەسەر رووبەری پێنج هەزار مەتر دووجا درووستکراوەو(سینان)ی تەلارساز لەدروستکردنیدا بلیمەتیی بەکارهێناوە، ساڵی ١٥٥٧ لەلایەن سوڵتان سلێمانەوە کراوەتەوە.

لەکتێبخانەکەدا شارستانیی دەیان سەدە رەنگیداوەتەوە، ئەویش بەدەستنووسو کتێبەکانەوە دەردەکەوێت، کە هەموو جۆرەکانی زانستو زانیاریی مرۆییان لەخۆگرتووە.

بەڕێوەبەری کتێبخانەکە (د. نوزت قایا) باسی لە پێکهاتەی کتێبخانەکەی بەمجۆرە کرد:

-ئەرشیفی کارتەکان بریتین لە ١١٧٠٢٢ ناونیشان، بەناوی نووسەرو ناونیشانو بابەت رێکخراون، توێژەر دەتوانێت بەکەمترین کات سەرچاوە بدۆزێتەوە، هەروەها پێڕستی کۆن پارێزراوە کە بە فرمانی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ئەنجامدراوە، دەستنووسەکان ژمارەی کۆنو نوێیان لەسەرە.

هەروەها وتی:

-کتێبخانەکە لە دوو بەشی بەرامبەر پێکهاتووە، کە ڕاڕەوی نێوانیان دەچێتەوە سەر مزگەوتی سلێمانی، بەشی خۆرئاوای کارگێڕیو دوو هۆڵی خوێندنەوەی تیادایە، لەگەڵ هۆڵی مایکرۆفیلمو مایکرۆفیشو جێگای پاراستنی دەستنووسو چاپکراوە دەگمەنەکان، لەگەڵ بەشی وێنەگرتنەوەکە لەساڵی ١٩٥٠ وە چالاکیی تیادا ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەشەکەی خۆرهەڵاتی بریتییە لە: شوێنیی وێنەگرتنەوەی ئەلیکترۆنیو سیدییەکان، لەگەڵ بەشی چاکسازیو جزوبەندکردنی سەرچاوەکان، لەگەڵ نمایشگای دەستنووسە دەگمەنو بەنرخەکان.

هەرچۆن بەڕێوەبەری ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هەر لەبەشی خۆرهەڵاتی کتێبخانەکەدا پێشانگای هەمیشەیی دەستنووسەکان هەیەو لە دۆڵابی شووشەییدا نمایشکراون، تیایدا دەستنووسی دەگمەنی عەرەبیو عوسمانیو فارسی هەیەو کۆنترین دەستنووس لەم کتێبخانەیەدا بەشێکە لە قورئانی پیرۆز کە بە نووسینی کوفی لەسەر پێستی ئاسك نووسراوەتەوەو دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەمی کۆچی.

هەروەها دەستنووسی دوو قورئان کە لەلایەن(یاقوتی موستەعسەمی) نووسراونەتەوە.

دەوڵەمەندترین کۆمەڵە دەستنووسی ئەم کتێبخانەیەش بریتییە لە دەستنووسەکانی کتێبخانەی سوڵتان محەمەد فاتیحو ژمارەیان ٥٢١٩ دەستنووسە.

**پاشکۆکانی کتێبخانەی سلێمانی**

هەر وەك بەڕێوەبەری کتێبخانەکە باسیکرد، ژمارەیەك کتێبخانەی کەلەپوریی لە شارەکەدا هەنو لەرووی کارگێڕییەوەبەستراونەتەوە بە کتێبخانەی سلێمانی یەوە، بەڵام دەکەونە شوێنی تایبەت بە خۆیانەوە، لەوانە:

کتێبخانەی(راغی پاشا)لە (لالەلی) کە لە دوا بوومەلەرزەدا دەستنووسەکانی گوێزراونەتە بۆ ئەم کتێبخانەیەو دوای چاککردنەوەی بیناکەی دەگەڕێتەوە بۆیان. هەروەها کتێبخانەی(عاتف ئەفەندی) لە گەڕەکی(وەفا) و کتێبخانەی(کوبرویلی) لە شەقامی(دیوان)و کتێبخانەی(نور) لە کۆمەڵگای(نور)ی عوسمانلی کە دەکەوێتەوە نزیك منارەی قوستەنتەنییەوە.

دواجار وتی: سەڵتەنەی عوسمانلی لە بایەخی دەستنووسەکان گەیشتوون، هەر بۆیە ساڵی ١٩٢٤ زۆربەیان لە کتێبخانەی سلێمانی یەکخراونو پارێزگاری کراون.

هەر چۆن وتیشی: وێڕای پۆلێنکردنی زانستییان، بەردەوام هامشۆکەرانمان سوودمەند دەبن لێیان.

**سەرچاوە:**
www.landcivi.com



**مزگەوتی ئەستەنبووڵ کە (کتێبخانەی سلێمانی) تێدایە**